# بچووکترین هاردی ئیکسترنال




پێداویستی مرۆڤ بە شوێنێکی پارێزراو و گرنگ بۆ زانیاری کە بتوانرێ بە ئاسانی دەست بە سەر زانیارییەکەیدا رابگا، و بەئاسانی ئاڵوگۆڕی پێبکرێ بۆتە هۆی ئەوەی کە هاردی جۆری ئیسکترنال واتە هاردی گوازراو یان خاریجی لەلایەن بەرهەمهێنەرانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالی بە گرنگ وەربگیرێ، هەرچەندە پێشبینی دەکرێت هاردیش جێگای خۆی بداتە فلاش میمۆری کە هەم قەبارەکەی بچووکترە و هەم هەڵگرتن و بەکارهێنانیشی ئاسانترە.

کۆمپانیای سامسۆنگ کە بەرهەمهێنەرێکی گرنگی ئامێری دیجیتالیە، لەم دواییانەدا هاردێکی ئیکسترنالی بەرهەمهێناوە کە قەبارەکەی بچووکە و لەگەڵ ئەوەشدا داتایەکی زۆر لەخۆیدا هەڵدەگرێ، قەبارەی هەڵگرتنی داتاکان لەو هاردەدا 640 گیگابایتە. تا ئێستا ئەوە بچووکترین جۆری هاردی خاریجیە کە بەرهەم هاتبێ.



# وێنەکانتان بکەن بە ئەلبومێکی دیجیتاڵی


زۆر جار حەز دەکەن ئەو وێنانەی کە هەتانە بیانکەن بە ئەلبومێکی دیجیتالی، بۆ ئەو مەبەستە چەندین پرۆگرامی گرنگ هەن کە دەتوانن ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنن، بەڵام کارایی و توانایی هەرکام لە پرۆگرامەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازیان هەیە. یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە پرۆگرامی Flash Album Cr-atorە، ئەو پرۆگرامە بە ئاسانی وێنەکانتان دەکاتە ئەلبومێکی فلاشی جوان و سەرنجراکێش، ئەویش تەنیا لەماوەی چەند خولەکێکدا، دەکرێ لەسەر ئەلبومەکە ئێفێکتی جوڵەدار، ئێفێکتی دەق، موزیك دابندرێ. دەکرێ ئەلبومەکە هەم بە شێوەی adobe falsh و هەم بە شێوەی exe خەزن بکەی. یان ئەوانە لەسەر وێب سایتی خۆت دابنێی یان لەسەر DVD ی خەزنی بکەی.

# فەیسبووک هاواری گەلانی ستەمدیدە

راگەیەنەرە گشتییەکان لە دەرخستنی راستییەکان و روونکردنەوەی رووداوەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، لەنێو راگەیەندراوە گشتییەکاندا هیچیان ناگەنەوە ئینتەرنێت، ئینتەرنێت بەهۆی ئەوەی کە هیچ سنوور و بەربەستێکی نییە و هەموو کەس دەتوانێ بێ گرفت بۆچوونەکانی دەربڕێ، رۆڵی ئەو لە هەموویان کاراترە. لە جیهانی ئینتەرنێتیشدا سایتی فەیسبووك کە تەمەنێکی زۆر لەمێژینەی نییە لە ریزی یەکەمەکاندایە، چونکە لەو سایتەدا دەتوانی بێ گرفتK وێنە نووسین، کورتە فیلم دابەزینی، هەربۆیە لەو شۆڕش و خۆپێشاندانانەی کە لە جیهاندا روو دەدەن، وڵاتانی خاوەن هێز بۆ ئەوەی کە دەنگی گەل بە جیهان نەگات یەکسەر ئینتەرنێت دادەخەن، ئەگەر ئەویش نەکەن، حەتمەن سایتی فەیسبووك فیلتەر دەکەن. نموونەکانی ئێران، تونس، میسر..تاد. هەربۆیە ئێستا ئەو سایتە بە هاواری گەلانی ستەمدیدە ناسراوە.



# ئەو لاپتۆپەی ئۆتۆماتیکی ڕەنگی دەگۆڕدرێت




توشـــیبا جۆرێك لە لاپتۆپی بەرهەم هێناوە كە ئۆتۆماتیكی ڕەنگەكـــەی دەگۆڕدرێت. لاپتۆپەكە كە بە جۆری T750 Qosmio ناسراوە، یەكەمین لاپتۆپە لە جیهاندا كە ئـــەو تایبەتمەندییەی كە ئاماژەمان پێـــدا هەیەتی. بـــۆ دروســـتكردنی كەڤەری لاپتۆپەكە لـــە تەكنۆلۆژیای نانۆ ســـوود وەرگیراوە. ڕەنگی لاپتۆپەكە وردە وردە لە سەوزەوە بەرەو شین و دواتر دەبێتە وەنەوشەیی. لاپتۆپەكـــە خێراییەكـــەی 2،66 گیگایـــە. رامەكـــەی 4 گیگابایتـــە و هاردەكەی 750 گیگابایتە.

لاپتۆپ جیا لـــەوەی كە گشـــت ئەركەكانـــی كۆمپیوتەری ســـەرمێز بەجێ دەگەیەنێ، كۆمپیوتەرێكی تەواو شەخسییە. هەربۆیە دەبێ ڕەنگ و دیزاینەكەشـــی زۆر لەگەڵ هەســـتی خاوەنەكەی یەكبگرێتەوە. لەم دواییانەدا كۆمپانیای




ڕەنگە زۆرجاران ئەوەتان بۆ هاتبێتـــە پێش كە لـــە كاتێكی تایبەتدا كە بە نیازن لە شوێنێك كار لەســـەر لاپتۆپەكەتان بكەن، بەتایبەتی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی كە لاپتۆپەكـــەی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەگێڕن و نیازیان هەیە هەر لەو شـــوێنەی كە ڕاپۆرتەكەی لێ ئامادە دەكەن، ڕاپۆرتەكەیان بنووسنەوە، ئاواتیانە كـــە خۆزگە مێزێكی لێدەبوو بۆ ئـــەوەی كـــە لاپتۆپەكەی لەســـەر دابنێن. كۆمپانیایەك بیری لەوە كردۆتەوە كە بە ئاســـانی بكرێت هـــەر لە جانتای لاپتۆپەكەدا مێزێـــك جێبكەنەوە، یان وردتر بڵێیـــن جانتاكـــە لەكاتی خۆیدا ببێتە مێز. كێشی ئەو جانتایـــە 2 كیلۆیە، لە ئاست ئەركەكانی خۆی كە هـــەم جانتایە و هەم مێز، 2 كیلـــۆ كێشـــێكی قورس نییە. مێزكەكە بە ویســـتی بەكارهێنەرەكەی بەرز و نەوی دەكرێت. جگە لەوەش مێزكە لە ژێرەوە دوو "فەن" واتە پەنكەی فێنكەرەوەی تێدایە كە لەكاتی كاركردن بـــە لاپتۆپدا كاریگەری گەرمـــا بەســـەر لاپتۆپەكەوە نەبێت.

# لە دەربڕینی پەیامەكەت بۆ زمانی مەبەست پێویست بە وەرگێڕ ناكات

لە داهاتوویەكی نزیكدا بۆ دەربڕینی مەبەستەكانت بۆ هەر زمانێك پێویست بە وەرگێڕ ناكات. بـــۆ نموونە كاتێك بە مۆبایل بۆ بەریتانیا لەگەڵ یەكێك قســـە دەكەی كە بە ئینگلیزی قســـە دەكات و تۆش تەنیا عەرەبی دەزانی، پێویســـت ناكات وەرگێڕێك قسەكانتان بۆ وەربگێڕتە ســـەر زمانی مەبەست، بگرە خـــودی مۆبایلەكە قســـەكانت وەردەگێڕێ.

لـــە ســـەرەتای ســـاڵی 2011دا پرۆگرامێكی تایبەت بە وەرگێڕان بۆ سیستەمی مۆبایلی ئەندرۆید بەرهەم هاتووە كە قســـەكان لـــە «ئینگلیزی و ســـپانیولی» بۆ یەكتـــر تەرجەمە دەكات. ئـــەو وەرگێڕانـــەش لەلایەن وەرگێڕەكەی گوگلەوە ئەنجام دەدرێت. بڕیار وایە لـــە داهاتوویەكی نزیك ئەو خزمەتگوزارییـــە گرنگە بۆ زۆربەی زمانەكانـــی زیندووی جیهان جێبەجێ بێـــت. هەرچەندە ئێســـتاكە وەرگێڕی گـــوگل لـــە 53 زمانـــی زیندووی جیهان دەقەكان بۆ یەكدی وەردەگێڕێ، هەروەها 15 زمان كە وەرگێڕانەكە بە دەنگیش ئەنجام دەدرێت.




# کەیسە زەبەلاحەکانی کۆمپیوتەر

گەرچی بەرهەمهێنەرانی تەکنۆلۆژیای نوێ هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە کە ئامرازە دیجیتالیەکان بچووکتر و بچووکتر بکەنەوە. لە کۆمپیوتەری زۆر زەبەلاحەوە بەرەو کۆمپیوتەری سەرمێز و پاشان بەرەو لاپتۆپ و لەدواییشدا بەرەو نۆتی بوك و دواترینیش تەبلێت..تاد، بەڵام چەند کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری کۆمپیوتەر، پێچەوانەی ئەوە رایە، کەیسی کۆمپیوتەری زۆر زەبەلاحی بەرهەم هێناوە کە شوێنێکی زۆر دەگرن، کەیسەکان زیاتر وەك داهێنانێکی نوێ بەرهەم هاتوون، ئەگینا لە بواری کاراییەوە جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ کۆمپیوتەرێکی ئاسایی دیکە. هەندێك لەو کەیسانە لە مرۆڤێکیش بەرزترن. لێرەدا چەند نموونەیەك لەو کەیسانە دەبینن.



# Dropbox گرنگترین ئامڕازی هەڵگرتنی داتاکانتان




بۆ هەڵگرتنی داتاکانتان، جا فایلێکی دەق بێ، یان وێنە، یان فیلم، گرنگترین ئامراز لەم سەردەمەدا فلاش میمۆرییە، کە هەم قەوارە بچووکە و هەم داتایەکی زۆر لەخۆیدا هەڵدەگرێ، بۆ هەڵگرتن و ئەرشیڤکردنی داتا گرنگەکانتان پەنا بۆ هاردی گوازراو دەبەن، واتە ئەو ئامرازە کە لە فلاش میمۆری گەورەترە، بەڵام داتایەکی زۆر لە خۆیدا هەڵدەگرێ "هاردی خاریجی". ئەو دوو ئامرازە هەردووکیان گرنگن، بەڵام هەردوو ئامرازەکە ئەگەری تێکچوون، دزران و و ون بوونیان لێدەکرێ. رەنگە بپرسن ئامرازێك هەیە کە داتا لەخۆیدا هەڵبگرێ و نە تێك بچێ و نە ون ببێ. بەڵێ دەکرێ بڵێین باشترین چارە هەڵگرتنی داتاکانتانە لە پرۆگرامی (dropbox) کاتێك سەر لەو سایتە دەدەی، پرۆگرامێك دادەبەزێنیە سەر کۆمپیوتەرەکەت، کە وەك فۆڵدەرێك دەچێت، لەمەولا هەر بابەتێك جا دەق بێ یان فیلم یان وێنە یان..تاد. دەتوانی لەو فۆڵدەرەدا خەزن بکەی، لەهەر شوێنێك لە جیهان بی دەتوانی ئەو فۆڵدەرە بکەیەوە و داتاکانی خۆت وەربگریەوە. Dropbox هاردێکی گرنگی گوازراوە کە هەمیشە لەگەڵتاندایە، بەڵام تەنیا دانانی 2 گیگابایت بە خۆڕاییە، بۆ زیاتر لە 2 گیگابایت دەبێ مانگانە پارە بدەی، دەتوانی هەزاران گێگبایت لەو سایتەدا خەزن بکەی. لەو بڕوایەدام هەروەك بۆ هەموو کەس گرنگە ئیمێلی خۆی هەبێ، بۆ هەموو کەسێکیش گرنگە dropboxی خۆی هەبێ. بە هەبوونی dropboxێك بۆ هەمیشە داتاکانت دەپارێزرێن.

# کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوە بەقەد پەنجەیەک



کۆمپانیای کانون یەکێکە لە کۆمپانیا مەزنەکانی بەرهەمهێنی کامێرا و مێژوویەکی لەمێژینەی لەو بوارەدا هەیە، بەم دواییانە کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوەی خستەوە بازاڕەوە، کامێراکە کە بە مۆدێلی جۆری Xa10 ناسراوە توانا و کاراییەکەی گەلێك بەرچاون. بۆ بەکارهێنەرانی پیشەیی وێنەگری و هی دیکە گونجاوە.

قەوارەکەی کامێراکە ئەوەندە بچووکە کە دەتوانرێ لە پەنجەدا جێگای ببێتەوە، لێنزی کامێراکە 4/30 ملمە، توانای زومی ئیپتیکالی 10یە. هەروەها Full HDیشە. جگە لەوەش خاوەنی تیشکی سەرووی سوورە کە بۆ وێنەگرتن لە شەودا زۆر باشە. دەنگ بە شێوەی کوالیتی زۆر بەرز خەزن دەکات. شاشەیەکی LCD تەواو لەمسی هەیە. شوێنی دوو کارتی میمۆری هەیە و دەتوانرێ میمۆری 64 گیگابایتی بۆ دابندرێ.

# سایتی Qwikرکابەرێکی جددی بۆ گوگل و ویکیپیدیا




بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە سایتی گوگل بۆ دۆزینەوەی ئەوەی مەبەستە و بەدوایدا دەگەڕێی لە ریزی یەکەمی سایتەکانی جیهاندایە، هەروەها سایتی ویکیپیدیاش بۆ دانی زانیاری سەرەتایی لەسەر هەر شتێك لە ریزی یەکەمی سایتەکاندایە. لە گوگلدا کاتێك ئەوەی مەبەستە سێرچی دەکەی، لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا بە هەزاران لینکت نیشاندەدا کە ئەو مەبەستەی تۆ دەتەوێ بۆ ئەوێت رێنوێنی دەکات، بەڵام ئەگەر ئەوەی مەبەستمانە، نە دەق بێ و نە لینك، چ سایتێکی دیکە هەیە لەمبارەیەوە. سایتی Qwik کە تازە لەسەرەتای کاردایە، شێوازی کارکردنەکەی زۆر جیاوازە، لەو سایتەدا ئەگەر بەدوای مەبەستێکدا بگەڕێی، دوای دۆزینەوەی مەبەستەکە، بە دەنگێکی نەرم و ئارامی ژنانە، زانیاری سەبارەت بە مەبەستەکە دەخوێنێتەوە، پاشان بە وێنە و کورتەفیلم لەسەر مەبەستەکە روونکردنەوەی زیاتر دەدات. لەو سایتەشدا دەکرێ بە هەر زمانێك مەبەستەکەت بنووسی، بەڵام سایتەکە روونکردنەوەکەی تەنیا بە زمانی ئینگلیزی رادەگەیەنێ. بەڕێوەبەرانی سایتەکە خۆیان دەڵێن لە داهاتوودا هەوڵ دەدەین لە ریزی یەکەمی سایتەکانی جیهاندا بین.

# زانیاری گرنگ لەبارەی Blu-rayەوە

CD و DVD دوو ئامرازی هەڵگری داتاکانن، لە راستیدا DVD هەمان CDیە، بەڵام بەهەندێك گۆڕانکاری لە سیستەمەکەیدا و بردنە سەری خێرایی و زیادکردنی کوالیتی راگرتنی داتاکان. ئەو دووانە لە بواری شێوە و قەبارەوە هەروەك یەکن، تەنیا جیاوازییەکەیان لە چۆنییەتی خەزنکردن و قەبارەی خەزنکردنی داتاکانە. لەم چەند ساڵەی دوایی جۆرێکی پێشکەوتووتر لە DVD هاتە بازاڕ کە بە "بلۆرەی" Blu-ray ناسراوە. Blu-ray، DVD،CD گرنگیان هەر لە جیهانی کۆمپیوتەردا نییە، بگرە لە راستیدا زۆرترین سوود لێوەرگرتنی ئەوانە لە ماڵدایە و بۆ ئەو خەزنکردنی فیلمە لەسەر ئەوانە. ئەوانە هەر کام خاوەنی ئامراز و دەزگای تایبەت بەخۆیانن. ئێستا کەم ماڵ هەیە خاوەنی DVD نەبێ، بەڵام DVD وەڵامدەرەوەی گشت داخوازی خەڵك نییە، بۆیە تەکنۆلۆژیای Blu-ray هاتە بەرهەم کە قەبارەی هەڵگرتنی فیلم لەوانەدا 20 بەرامبەری DVDیە. مانای Blu-ray واتە تیشکی لەیزەری شین. بلۆرەی لەسەرەتای ساڵی 2007ـەوە هاتە بەرهەم و پێدەچێ لەمەولا هەردوو سیتسەمی DVD،CD نەمێنن. چونکە هەم قەوارەی هەڵگرتنی داتا لەناو بلۆرەیدا زیاترە و هەم درنگتریش تێکدەچێت. هەرچەندە ئێستا بلۆرەی ئەوەی لە بازاڕدا هەیە زیاتر 25 گیگایی و 50 گیگاین، بەڵام بلۆرەی 200گیگایش بەرهەم هاتووە. تەکنۆلۆژیای بلۆرەی لە داهاتوودا شوێنی گشت تەکنۆلۆژییە هاوشێوەکانی خۆی دەگرێتەوە.

